# نەتەوەکان و ناسنامەی خۆکەسی

کریستۆفەر هێس وێڵمەن
وەرگێڕ: ڕێزان عەبدوڵڵاهی[١]

بۆچی کەسێک بە نەتەوە و هاونەتەوەکانییەوە خۆی پێناسە دەکات؟ و ئایا ئەم جۆرە لە خۆپێناسەکردنە[٢] هەم بە شێوەی ئەقڵانی و هەم بە شێوەی ئەخلاقی[٣] گونجاوە؟ کای نیڵسن[٤] نموونەی پاڕادایمێکی خوارەوە بۆ خۆپێناسەکردنی ناسیۆنالیستی باس دەکات:

کاتێک کەسێکی دانیمارکی، دانیماڕکییەکی دیکە لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان دەبینێت، دانپێدانانێکی خۆڕسکیان بۆ ئەندامبوونێکی هاوبەشی نەتەوەیی هەیە، کە بۆ نمونە جیاوازە لەگەڵ دیتنی کەسێکی خەڵکی شیلیدا، تەنانەت ئەگەر [ئەو کەسە دانیماڕکییە] کەسێکی کراوە و جیهان-نیشتمانییش بێت، سەرنجی دەچێت بە لای ئەزموونە جیاوازەکانی ژیان، تێگەی شتەکان، و هاوئاهەنگیی کەلتوری لەگەڵ خەڵکانێکی جیاواز لە نەتەوەی خۆی. بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی هەستی لەماڵدابوون و نزیکایەتییەک لەگەڵ کەسە دانیماڕکییەکەدا هەیە کە ڕیشەی لە کەلتوری هاوبەشیان دایە؛ ئەو سترانگەلەی کە دەیبێژن، پێکهاتەی نوکتەکان[٥]، بیرەوەری شوێنەکان، هەستکردن بە مێژوویەکی هاوبەش، ژێدەری ئەدەبی، ئەزموونی سیاسی، و هەموو جۆرە چوارچێوە هاوبەشەکانی ڕێگا لێکچووەکانی ژیانکردن (Nielsen, 1998, p. 109).

ناسیۆنالیستەکان پێیان وایە زۆر بەجێیە کە ئێمە دەبێت بەدوای هاوئاهەنگیدا بین؛ یەکتر قبووڵکردن بەرز بنرخێنین، بۆ پێشڤەبردنی بابەتەکانمان هەوڵ بدەین، و خەمخۆرییەکی تایبەتمان بۆ هاونەتەوەکانمان ببێت. ئێمە هەموومان لەیەکتر ناچین؛ چەند ڕێگای جۆراوجۆری ڕووبەڕووبوون لەگەڵ ژیان هەیە و ئەوە سروشتیی و گونجاوە کە هەست بە ئاسودەییەکی زێدەتر بکەین و بکشێین بەلای ئەو کەسانەدا کە بەهاکانمان، دابونەریتمان و ڕوانگەی گشتیمان بۆ ژیان لە گەڵیاندا هاوبەشە. بەکورتی، هیچ شتێکی سەیر نییە ئەگەر خۆمان لەگەڵ هاونەتەوەکانمان پێناسە بکەین.

ناسیۆنالیستەکان زۆر جار ئاماژە بەو بارودۆخە جۆراوجۆرانە دەدەن کە تیایاندا هەستی نەتەوەیی وەک بەڵگەیەکی سروشتی بۆ پێناسەکردنی خۆت لە گەڵ هاونیشتمانانت گەشە دەکات. پێشنیاری ئەوان بەشێوەی ئاسایی ئەوەیە کە نەک تەنیا هیچ شتێکی نائەقڵانی[٦] لە پشتبەستن بە ئەندامێتیی نەتەوەیی وەک ڕێگایەک بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆت لە جیهاندا بوونی نییە، بەڵکوو هەروەها

[١] ماستەری پەیوەندیی نێودەوڵەتی

[2] Identification
[3] Morally
[4] Kai Nielsen
[5] Jokes
[6] Irrational

ئەوە شتێکی نەشازە ئەگەر شانازی نەکەین بە (یان شەرمەزار نەبین لە) کردەوەکانی هاونەتەوەکانمان. ئایدیای سەرەکی ئەوەیە کە ئێمە لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیین، و هەر بۆیە تێگەیشتن لەوەی کە ئێمە دەبێت لانیکەم بەشێکی خۆمان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان پێناسە بکەین، ئاسانە.

گومانباوەڕان[٧] ڕەخنە دەگرن کە بەربڵاویی ئێستای ناسیۆنالیزم نیشاندەری ئەوە نییە کە ناسیۆنالیزم بە هەر شێوازێک داڕێژراوی سروشتی مرۆڤ بێت. لە بەرامبەردا، نووسەرگەلێکی وەکوو ئێرنێست گێڵنەر[٨] پێیان وایە کە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی مەرجدارە[٩] کە مەرجی وەدیهاتنی تەنها دۆخگەلی زمانی، سیاسی و ئابووریی مۆدێرنە (Gellner, 1983). بەم پێیە، وەک دەزانین ناسیۆنالیزم وەدی نایەت مەگەر ئەوەی کە گەشەکردنێکی پیشەیی و سیستەمگەلی فێرکاریی هاوبەش لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی- ئابووریدا پتەو بوویێت، هەروەها خوێندەوارییەکی بەربڵاو و میدیای گشتی[١٠] کە لە لایەن جۆری سیستەمە فێرکارییەکەوە ڕێگای پێ درابێت. بێجگە لەمە ڕەخنەگران پێیان وایە کە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی جێگای داخە و ئێمە دەبێت هەوڵی تێپەڕاندنی بدەین. هەروەک ئەلبێرت ئاینشتاین[١١] دەڵێت، ناسیۆنالیزم «نەخۆشییەکی منداڵانە» کە «سورێژەی مرۆڤایەتی»[١٢]یە (Baker, 1990, p. 144). بە بڕوای ئەو ڕەخنەگرانە، هەستی نەتەوەیی شتێکی نائەقڵانییە، ئینتیما بە باب و باپیران بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ سەرکەوتن و شکستەکانی کەسانی دیکە وەک ئەوەی کە لە خۆت بن، ئاکارێکی هەڵەیە. هیچ هەڵەیەک لەوەدا نییە کە کەسێک شانازی بە سەرکەوتنەکانی خۆیەوە بکات و بایەخ بە داهاتووی خۆی بدات، بەڵام بۆچی کەسێک دەبێ شانازی بە سەرکەوتنی خەڵکانی ترەوە بکات یان بایەخ بە داهاتوویان بدات؟ ئەوە کەللەڕەقییە کە دەسکەوتی کەسانی دیکە بە دەسکەوتی خۆت بزانی و وەها سەیریان بکەی کە هەمان دەسکەوتی خۆتن. بەو پێیە کە داهاتووی کەسێک زیاتر کاریگەری دەخاتە سەر ئەو کەسە نەک تۆ، کەواتە ئەوە کارێکی زۆر نائەقڵانییە کە چاوپۆشی لە پلانەکانی خۆت بکەی لە پێناو ئامانجەکانی خەڵکانێکی نەناسراوی ناو نەتەوەکەت.

ناسیۆنالیستەکان بەدەگمەن دەکەونە ژێر کاریگەری ئەم جۆرە نەرینانە، چونکە بە بڕوای ئەوان [ئەم نەرینانە] پشتیان بە بەشێکی زۆر بچووکی ئەقڵانییەتی مرۆڤ بەستووە. دەکرێ کەسێک تەنێ بە پرۆژە تاکەکەسییەکانییەوە[١٣] خۆی پێناسە بکات، بەڵام زۆربەی ئێمە ئەو وەکوو کەسێکی نامۆ دەبینین کە نایەتە بەر دڵمان. بۆ نمونە کەسێک بێننە پێش چاوتان کە هیچ جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ خوشک و برا و هاوڕێ نزیکەکانی هەست پێناکات. دەبێ چۆن بیر بکەینەوە لەبارەی کەسێکدا کە بۆی گرنگ نییە ئایا هاوڕێیەکی نزیکی خۆی خەڵاتی نۆبڵ دەباتەوە یان بێگانەیەک؟ لە ڕاستیدا هەر بەتەنیا پرسینی ئەم پرسیارە دەری دەخات کە ناکرێت کەسێک چەند هاوڕێی نزیکی هەبێت و خۆی بایەخێکی زۆری پێیان نەدابێت. لە هەقیقەتدا، ئێمە بەردەوام و بە دروستی خۆمان بە کەسانی جۆراوجۆرەوە کە پەیوەندارێتی خۆکەسیمان پێیانەوە هەیە، پێناسە دەکەین و هیچ تیۆرێک مافی ئەوەی نییە بخوازێ داوای لێبوردن بکەین بە هۆی ئەو هەستی پەیوەندارێتییەی کە بۆ کەسانی تر هەمانە. هەموو ئەم سەرنجانە پێمان دەڵێن کە ئێمە دەبێت هەر لایەنێکی ئەقڵانییەت کە داوامان لێ دەکات کە تەنیا گرنگی بە ئامانجە تاکەکەسییەکانی خۆمان بدەین، ڕەت بکەینەوە.

هەرچەندە ئەوە بەتەنیا بەس نییە بۆ پاکانەکردن بۆ ناسیۆنالیزم. بەمەبەستی داکۆکی هەمەلایەنە لە هەستی ناسیۆنالیستی، دەبێت ئەمە ڕوون بکرێتەوە کە بۆچی هاونەتەوەکان، وەکوو هاوڕێ و بنەماڵە، بابەتگەلێکی گرنگن بۆ خۆپێناسەکردن. باسەکە ئەوەیە کە هەرچەند ئێمە پەیوەندیی خۆکەسیی نزیکمان هەیە لەگەڵ کەسانی نزیکمان، بەڵام ئاگاداری ژمارەی بێ ئەژماری ئەم جۆرە پەیوەندییانە لەنێو نەتەوەکەماندا نین. کەواتە ڕێگا بۆ گومانباوەڕانی ناسیۆنالیزم کراوەیە کە خۆپێناسەکردن لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵە

[7] Skeptics
[8] Ernest Gellner
[9] Contingent
[10] Mass Media
[11] Albert Einstein
[12] Measles of Mankind
[13] Individualistic

بە هەند وەربگرن، بەڵام هێشتا ئەقڵانییەتی پشتی هەستی پەیوەندارێتی بە هاونەتەوەکان بەرنە ژێر پرسیار. بە واتایەکی تر، دانپێدانان بە گرنگیی پەیوەندیی خۆکەسی لە ژیانماندا وا لە ڕەخنەگری ناسیۆنالیزم دەکات کە لەگەڵ ئەمەشدا کە هێرش دەکاتە سەر ناسیۆنالیزم لێ تاوانباری ناکات بە ئەتۆمیزم.

ناسیۆنالیستەکان بە شێوازی جیاواز وەڵامی ئەم ڕەخنە ئاڵۆزەیان داوەتەوە، بەڵام ڕوانگەیەکی سەرەکی ئەوەیە دان بەوەدا بنێین کە نەتەوەکان «کۆمەڵی خەیاڵی»[١٤]ن و دواتر پێشنیار دەکەن کە لە هەمان کاتدا نەتەوەکان کۆمەڵی واقعین و بابەتی گونجاون بۆ خۆپێناسەکردنی خۆکەسی (Andersen, 1993). یەکەم تێبینی ئەمەیە کە زۆربەی ئێمە خاوەنی ژمارەیەکی زۆری پەیوەندیی خەیاڵیین؛ بە واتایەکی دیکە، خەڵکانێکی فرە هەن کە ئێمە خۆمانیان لەگەڵدا پێناسە دەکەین بێ ئەوەی کە هیچ پەیوەندییەکی خۆکەسیمان لەگەڵیاندا هەبێت. بۆ نموونە وەبیر خۆتانی بێننەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی دڵگران بوون بە کۆچی دوایی شازادە دایانا. لە سەرانسەری جیهان خەڵک بۆ کۆچی دوایی دایانا تازیەبار بوون، بەڵام تەنانەت بۆ جارێکیش ئەویان لە نزیکەوە نەدیتبوو. یان چاو لێ بکەن بینەران چۆن بە ڕووداوە وەرزشییەکان هەستیان دەوروژێت، ئێمە تێکەڵی ئاکامی یارییەکان دەبین تەنانەت ئەگەر هیچ پەیوەندییەکی خۆکەسیمان لەتەک یاریزانەکاندا نەبێت. پێویستە بگوترێت کە ئێمە زۆر جاران سەیری تیمێکی وەرزشی دەکەین و بە ڕادەی جیاواز دڵخۆش یان بێهیوا دەبین کاتێک تیمەکەمان دەیباتەوە یان دەدۆڕێت.

هەروەک ئەم نموونانە نیشانمان دەدەن، هیچ شتێکی سەیروسەمەرە یان گوماناوی لە توخمی خەیاڵیبوونی نەتەوەدا نییە. مارگارێت مۆر[١٥] زۆر بە جوانی قامک دەخاتە سەر ئەم خاڵە: «ئەم ڕاستییە کە نەتەوەکان سازکراوی[١٦] کۆمەڵایەتین بەو مانایە نییە کە کەمتر واقعین یان دەبێت بە گومانەوە سەیر بکردرێن. هەندێک لە خەڵکی تەرکیز دەخەنە سەر ئەمە کە نەتەوەکان کۆمەڵی خەیاڵین، بەم مەبەستە کە ڕەنگە هیچ بنەمایەکیان لە واقعییەتدا نەبێت. لێرەدا ئەمە گرنگە کە لەنێوان کۆمەڵە «خەیاڵی»[١٧]یەکان و کۆمەڵە «وەهمی»[١٨]یەکاندا جیاوازی دابنێین» (Moore, 2001, p. 13). هێشتا لەوانەیە ڕەخنەگرێک پێداگری لەسەر ئەمە بکات کە هەموو پەیوەندییە خەیاڵییەکان وێڕای ئەوەی کە بەربڵاون، بەڵام نائەقڵانین. بۆیە ئەرکی ناسیۆنالیستێکە کە ڕاستبوونی خوپێناسەکردن لەگەڵ ئەو هاونەتەوانەی ڕوون بکاتەوە کە تەنانەت بۆ جارێکیش نەیدیتوون. لێرەدا بەڕای من مزگێنیدەرترین وەڵامی مومکین لای ناسیۆنالیستەکان ئەمەیە کە ڕوونی بکەنەوە بۆچی هاونەتەوەکان پەیوەندییەک پێکەوە پارڤە دەکەن، هەروەکی ئەوەی کە ئەندامانی تیمێک دەیکەن. ئەم بەراوردکردنە بەسوودە، چونکە بەدەگمەن کەسانێک گومان دەخەنە سەر هەستی ئەندامانی تیمێک لە هەمبەر یەکتر. لە ڕاستیدا بەهۆی ئەم پەیوەندییە خۆکەسییانە کە لە دۆخی پێکەوەهەوڵدانی خەڵکانێک بۆ مەبەستێکی هاوبەش دەردەکەون، ئەندامانی تیمێک هاوڕێیەتییەکی نزیک دادەمەزرێنن کە بەشێوەی ئاسایی ئەو جیاوازییە بەرچاوانە کە ڕیشەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتوورییان هەیە تێدەپەڕێنێت.

ناسیۆنالیستەکان دەتوانن هانا بۆ پەیوەندی نێوان ئەندامانی تیمێک بەرن، چونکە لەوێ هەستێک هەیە کە تیایدا هاونەتەوەکان وەک «هاوتیم لە ژیاندا»[١٩] وێنا دەکرێن. هاونەتەوەکان هاوتیمن لە ژیاندا، چونکە ڕوانینێکی هاوبەش پارڤە دەکەن لەمەڕ ئەمەی کە دەبێت چۆن بژین. ئاوا نەتەوەکان بەشێوەیەکی بەردەوام بە چەندین شێوازی دیار و نادیار مرۆڤ فێر دەکەن کە چۆن لەسەر بنەمای چاکە ژیان بکات. ئەم تێگە هاوبەشەی «ژیان لەسەر بنەمای چاکە»[٢٠] هاونەتەوەکان وەکوو هاوتیمەکان لێدەکات چونکە (بەو پێیە

[14] Imagined Communities
[15] Margaret Moore
[16] Constructed
[17] Imagined
[18] Imaginary
[19] Teammates in Life
[20] Good Life

کە بێ ئەژمار ڕێگای جیاواز هەیە بۆ ژیانی کەسەکان، بەڵام زۆربەیان وەک پێوەری عەینی[21] ڕیزبەندی ناکرێن) ڕێگاکانی ژیان بەڕادەیەک سەرنجڕاکێشن کە توانایی گەشەکردن بە شوێنکەوتووانیان دەبەخشن. لە ئاکامدا ئەو پانتاییەی ڕێگای ژیانم کە بەرچاو و گرنگ دێتە پێش چاوم، پەیوەندی هەیە بە ڕادەی گەشەکردنی من و ئەوانەی وەک من دەژین. کەواتە ئەگەر من و هەموو ئەوانەی ڕێگای هەبوونی[22] منیان پێڕەو کردووە لە جیهاندا، هەوڵی بێوچان بدەین بۆ دۆزینەوەی مانای ژیانمان، ئیتر من کەمتر بیر لەمە دەکەمەوە کە ئایا ئەم ڕێگایەم بایەخی وەدووکەوتنی هەیە یان نا. لە لایەکی ترەوە ئەگەر ژمارەیەکی زۆری ئەو کەسانەی کە لە بەهاکاندا لەتەک مندا هاوبەشن گەشە بە تواناکانیان بدەن، کەواتە من دەتوانم بە متمانەیەکی زیاترەوە ئەم ڕێگایەی خۆم وەک ڕێگایەکی گونجاوی هەبوون (ئەگەر نەڵێم تەنها ڕێگاش)، بگرمە بەر. زیاتر لە هەموو شتێک گرنگە دان بەمەدا بنێین کە سەنگەخود[23] بەشێوەیەکی تەسک گرێدراوی متمانەمانە بە ڕێگای ژیانمان. هەڵبژاردنی ڕێگای ژیان وەک هەڵبژاردنی شیرینییەک لەنێو دوکانی شیرینیفرۆشی نییە. ئێمە بە جۆرێک پێگەیشتوویی دەچینە ناو گەورەساڵییەوە کە تێگەیەکی تەواوپێناسەکراو و نەگۆڕمان بۆ ژیان لە سەر بنەمای چاکە پێیە. زۆربەی ئێمە بەشێکی ژیانمان بە پێکدروونەوەی پارچەکانی بەهاکانمان تێدەپەڕێنین. بەڵام دیزاینە گشتییەکەی جۆرێک دەستنیشان کراوە کە لە باری دەروونییەوە ناتوانین بیبەینە ژێر پرسیار، چ جای ئەوەی کە بیگۆڕین. و چونکە بنەمای گشتیی ژیانمان لەسەر ئەم مۆدێلە بنیات ناوە، متمانەکردنمان پێی بە واتای سەنگەخود بۆخۆمان دێت.

ئەگەر ئەم شتانەی کە باسمان کردن، ڕاست دەرچن کەواتە تێگەیشتن لەمە کە هاونەتەوەکان لە ژیاندا وەک هاوتیمەکانن، زۆر ئاسانە. زۆر بەسانایی، (١) لە بەر ئەوەی کە، بە ڕێگای هەبوونمان لە دونیادا، سەنگەخود بەشێوەیەکی جیانەبۆوە و تەسک گرێدراوی متمانەمانە؛ (٢) چونکە متمانەی ئێمە بە تێگەی «ژیان لە سەر بنەمای چاکە» بەستراوەتەوە بە ڕێژەی ئەو کەسە سەرکەوتووانەی ڕەچاوی دەکەن؛ و (٣) چونکە هاونەتەوەکانمان هەر ئەو کەسانەن کە تێگەی ئێمە لە «ژیان لەسەر بنەمای چاکە» پارێزە دەکەن؛ و بەدوایدا (٤) سەنگەخودمان بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەستراوی ئەمەیە کە ئایا هاونەتەوەکانمان گەشە دەکەن یان دەڕووخێن. سەرکەفتنی هاونەتەوەی من سەرکەفتنی خۆمە چونکە بەڵگەیەکە بۆ ئەوە کە تێگەی هاوبەشی ئێمە لە چۆنێتی هەبوون لە دونیادا خەڵاتدەر و پڕبەهایە، و هەر بەڵگەیەکی ئاوا سەنگەخودی من بەهێزتر دەکات. کەواتە هاونەتەوەکان هاوتیمی ناو ژیانن تا ئەو ڕادەیە کە بەدەستهێنانی ئامانجێک لە لایەن کەسێکەوە بەدەستهێنانی ئامانجەکەیە بۆ هەمووان و لەدەستدانی ئامانجێک بۆ هەر تاکێک لەدەستدانی ئەو ئامانجەیە بۆ هەمووان. و هەر وەک چۆن هیچکەس ناتوانێت سەرمەستیی من بباتە ژێر پرسیار کاتێک هاوڕێیەکی نزیکم خەڵاتی نۆبڵ دەباتەوە، هیچ کەسیش نابێت لێم بەدگومان بێت کاتێک شانازی دەکەم بە بردنەوەی هاونەتەوەیەکم کە وەها سەربەرزییەک دەستەبەر دەکات. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم باسانە، تەواو فام دەکرێت کە هاونەتەوەکان دەبێت ڕیشەیان لە یەکتردا بێت، بایەخ بە یەکتر بدەن، هاوئاهەنگییان هەبێت، بەها بۆ یەکتر قبووڵکردن دابنێن، و ببنە مایەی شانازی و شەرمەزاری بۆ یەکتر. بەکورتی، خۆپێناسەکردنی هاونەتەوەکان پێکەوە شتێکی دروستە.

هەرچەندە من پێم وایە بەراوردی نێوان هاونەتەوە و هاوتیمەکان زۆر شت دەردەخات لێ بۆ کپکردنی هەموو ڕەخنەگران ناتەواوە. لانیکەم دوو دانە کێشەی شاراوە[24] دەمێننەوە. یەکەم، زۆر کەس ئاوا دژایەتی خۆیان دەردەبڕن کە نەتەوەکان بەجیددی لەگەڵ تیمەکاندا پێک ناگیرێن، چونکە هەستی نەتەوەیی زیاتر لەسەر بنەمای مێژووی نادروست و زێدەڕۆیی[25] لە چەمکەکانی وێکچوونە لەنێوان هاونەتەوەکان و جیاوازبوونیان لە ئەویترەکان. کەواتە دژبەرەکان وەها بەڵگە دەهێننەوە کە هاونەتەوەکان لانیکەم دوو جار مەودایان لەگەڵ هاوتیمەکاندا لێک دوورە، بەم جۆرە کە یەکەمیان نەک تەنیا هیچ پەیوەندییەکی خۆکەسییان لەگەڵ یەکتردا

---

[21] Objective Criteria
[22] Being
[23] Self-esteem
[24] Potential problems
[25] Exaggerate

نییە، بەڵکوو گەرەکیانە وەفادارییان لەسەر بنەمای شتی هەڵبەستراو بێت. دووەم؛ ڕەخنەگران وەها دژایەتی خۆیان دەردەبڕن کە ئەم چیرۆکە ناڕاستانە توندوتیژییەکی نائەقڵانی لەنێوان تیمە خەیاڵییەکاندا هەڵدەگیرسێنن. کێشەکە لێرەدایە کە هیچ "ئێمە"یەک بێ "ئەوان"ێک ناکرێت هەبێت و زۆر نەتەوە مێژوویەکی سامناکیان لە هەوڵدان بۆ هەڵکێشانی خۆیان و داکێشانی ئەوانیتر هەیە.

هەر کام لەم ڕەخنانە گرنگن، بەڵام ڕێژەیەکی کەمی لایەنگرانی ناسیۆنالیزم بە هەند وەریان دەگرن. لە وەڵامی یەکەمین نیگەرانیدا، ناسیۆنالیستەکان دەڵێن لەکاتێکدا کە هەندێک کەس بەدڵنیاییەوە وەفایان بۆ ڤێرژنە ڕۆمانتیکەکانی مێژووی نەتەوەکەیان هەیە، ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە نەتەوەکان هیچ نین بێجگە لە کۆمەڵێک تاکی خۆخاپێنەر کە هیچکامیان جیاواز لەوەی تر نییە (لە ڕاستیدا، لەوانەیە مێژووی تیمەکانیش چەواشە بکردرێت، بەڵام ئەمە هیچ لە ئەندامێتی هاوتیمەکان کەم ناکاتەوە). جگە لەوەش نووسەرانێکی وەکوو دەیڤید میلەر[26] باسیان لەوە کردووە کە ڕاستیی مێژووی نەتەوە زۆر گرنگ نییە، بەڵکوو ئەوەی گرنگە ئەمەیە کە چۆن ئیلهام دەدات بە هەڵسوکەوتی ئەندامەکانی. ئەو دەنووسێت: «بەجێی چاوپۆشی لە بابەتی نەتەوایەتی، بۆمان دەردەکەوێت کە ناسنامە نەتەوەییەکان توخمگەلی ئوستوورەیی لەخۆ دەگرن، ئێمە دەبێت بپرسین کام بەشی ئەم ئوستوورانە لە سازدان و بەهێزکردنی نەتەوەکاندا ڕۆڵ دەگێڕێت. لەبەر ئەوە لەوانەیە ئەقڵانی نەبێت کە باوەڕەکانمان بخەینە لاوە، تەنانەت ئەگەر تەسککەرەوە یان هەڵە بن، کاتێک دەکرێت وەها نیشان بدرێت کە بە شێوەیەکی گرنگ لە پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پربەهاکاندا ڕۆڵ دەگێڕن». میناک، ئەگەر چیرۆکێکی شاخوباڵدر لەبارەی کێشمەکێشێکی دیرۆکی نەتەوە، ئەندامەکانی هان بدات کە مەدەنیتر بن و فیداکاری گەورەتر بۆ یەکتر بکەن، هەوڵێکی فێتێشیستییە کە بەدوای ئەوە دابین کە هاونەتەوەکان لەو هەڵەتێگەیشتنانە بە ئاگا بێنینەوە.

لەکاتێکدا هیچ کەس ناتوانێت ئیدیعا بکات کە نەتەوەکان هەرگیز شەڕی یەکتریان نەکردووە، زۆربەی ناسیۆنالیستەکان پێداگری دەکەن کە هیچ پەیوەندییەکی حەتمی نییە لەنێوان داکۆکی لە نەتەوەی خۆت و هێرشکردنە سەر ئەوانی تر. لەڕاستیدا، یەکێک لە هەرە چالاکترین بزووتنەوەکان لە تیۆری سیاسیی هاوچەرخدا باسکردن لەمەیە کە ناسیۆنالیزم بەتەواوی کۆکە لەتەک -لە ڕاستیدا هاوپێچکردنێکی تەندروستە بۆ- مافە گەردوونییەکانی لیبەراڵیزم. لیبەراڵ ناسیۆنالیستەکان بانگەشەی ئەمە دەکەن کە هەستی نەتەوەیی دەکرێت بەدڵنیاییەوە بە پێویستییەکانی مافە لیبەراڵییە نەریتییەکانەوە زێدە بکرێت، و بەم جۆرە ئەندامانی نەتەوەکان ڕێز بۆ یەکتر دادەنێن و بەئاسانی تەنازول بۆ داواکارییەکانی ئەخلاقی گشتخواز[27] دەکەن، کە بریتییە لە سەرنجدانی تایبەت پێیان و دەستگرتنەوەی خەڵکانی نەتەوەکانی تر. هەموو کەسێک قایل نییە کە ناسیۆنالیزم بەتەواوی لەتەک ئایدیا لیبەراڵییەکانی وەکوو یەکسانی و ئازادی گونجاوە، بەڵام زۆربەی تیۆرە مزگێنیدەرەکانی ناسیۆنالیزم ئەمڕۆ هەوڵ دەدەن بۆ تێکەڵکردنی ئەم دوو ڕوانگە کە بەشێوەی مێژوویی ناکۆکن.

بە ڕای من بابەتگەلێکی وەکوو بەراوردی «هاوتیمەکانی نێو ژیان» ڕێگایەکی دوور دەبڕن بەرەو سەلماندنی هێڵی ناسیۆنالیستی لەسەر ناسنامەی خۆکەسی. ڕەنگە کارێکی زۆر مابێت کە دەبێت بە ئەنجام بگات، بەڵام پێم وایە ناسیۆنالیستەکان ڕاست دەکەن کە بەرگری دەکەن لە خۆپێناسەکردنمان لەگەڵ هاونەتەوەکانمان، وەک شتێک کە نە نائەقڵانییە و نە نائەخلاقییە.

[26] David Miller
[27] Universal Morality

## ژێدەرەکان

Nielsen, K. (1998). Liberal Nationalism and Secession. In M. Moore (Ed.). *National Self-Determination and Secession* (pp. 103-133). Oxford: Oxford University Press.

Gellner, E. (1983). *Nation and Nationalism*. Ithaca, NY: Cornell University Press.

Baker, D. (Ed.). (1990). *Political Quotations*. Detroit: Gale Research.

Anderson, B. (1993). *Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism*. London: Verso.

Moore, M. (2001). *The Ethics of Nationalism.* Oxford: Oxford University Press.